له هەژدەهەمین ساڵیادی كۆستی ئەنفال

# زانكۆكانی كوردستان وپرسی ئەنفال
# ڕەخنەو پێشنیار

مەجید ساڵح *

پێش ماوەیەك، بۆ گەران بە دوای هەندێك دۆكۆمێنتی تایبەت بە ئەنفال لە تۆڕی ئینتەرنێت لە ڕێگەی google وە ڕێم كەوتە سایتی زانكۆی بەناوبانگی هارڤارد (Harvard)ی ئەمریكاوە. لەراستیدا لەو سایتەدا نزیكەی 5000 بەڵگەنامەی تایبەت بە (ئەنفال)م دەست كەوت، جگە لەوە بە سەدان وتاری هەمە جۆرم دۆزییەوە كە بە زمانی ئینگلیزی لە سەر كوردو كارەساتی ئەنفال نوسرابوون. هەموو دۆكۆمێنتەكان جگە لە نوسخە ئەسڵیەكەی بە شێوەیەكی جوان كرابوون بە ئینگلیزی. بە پێی ناوەڕۆكەكانیان و بە ڕێبازێكی زانستیانە پۆلێن كرابوون. بۆ نموونە ئەو بەڵگەنامانەی كە تایبەت بوون بە (ئەنفال) لە لینكێكی تایبەتدا هەڵگیرابوون، ئەوانەشی تایبەت بوون بە كوردە فەیلیەكان هەروەها. لە هەمانكاتدا ژیاننامەی هەموو بەشداربووانی كورد قڕان بە وردی تۆماركرابوو ، لە خۆدی سەدامی دیكتاتۆرو عەلی كیمیاوی ئامۆزایەوە بگرە تا دەگاتە هەندێك وردە سەركردەی وەك تاهیر تۆفیق العانی سكرتێری تایبەتی عەلی حەسەن ئەلمەجید. خولاسەی كەلام بۆم دەركەوت كە ئەم هەموو كارە مەزنە لە ڕێگەی چەند مامۆستاو خوێندكارێكی زانكۆكەو كەسێكی گەورەی وەك دكتۆر (كەنعان مەكییە)كراوە وبۆ هەتا هەتایە بەشێك لە مێژووی گەلێكی دەرەوەی بازنەی مێژووی مرۆڤایەتیان بە نوێترین تەكنەلۆژیا تۆماركردوە ورۆژانە سەدان كەسی وەك من كەڵكی لێوەردەگرێت.

بێنەوە كوردستان وتەماشاییەكی سایتی زانكۆ بە ژمارە زۆر وبە ناوەڕۆك بێكەڵكەكانی كوردستان بكەین، چی دەبینین؟! وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە بۆ ئەوانەی ڕۆژانە تەماشای سایتەكانی ئەو زانكۆیانە دەكەن كارێكی هێندە دژوار نییە. پێم وایە ئەو زانكۆیانەو زۆرێك لە مامۆستاكانیشیان نەك هەر خەمی ئەنفالیان نییە، بەڵكو تەنانەت هێندە خۆیان ماندوو ناكەن شتیشی لە سەر بخوێننەوە. بە درێژیی حەوت ساڵ لە گەڵ هاورێكانم لە گۆڤاری (ئەنفال كە بە سێ زمانی عەرەبی وكوردی وئینگلیزیدەردەچێت ) بە تەما بووین رۆژێك لە رۆژان مامۆستایەكی زانكۆیەكی كوردستان، نەك لێكۆڵینەوەیەكمان بۆ بنوسێت، بەڵكو وتارۆچكەیەكمان بۆ ئامادەكات، كەچی بەداخەوە جگە لە "دكتۆر مارف عومەر گوڵ" لە زانكۆی كۆیە ودكتۆر جەبار قادر لە دەرەوەی كوردستان، كەسێكیان نەهاتن بە دەنگمانەوە. بە پێچەوانەوە بە دەیان لێكۆڵینەوەی گرنگ ووتاری بە پێزی دكتۆرو مامۆستایانی عەرەبی وەك (دكتۆر زهیركازم عەبود و دكتۆر تیسیر ئالوسی ودكتۆر كازم حەبیب و دكتۆر خلیل ابراهیم ال عیسا ودكتۆر مونزیر ئەلفەزل) لە

گۆڤارەكەماندا بلاّو بوەتەوە. لە بلاّوكراوەكانی زانكۆكانی كوردستاندا نەك هەر نەمانبینی ژمارەی تایبەت بۆ كۆستی ئەنفال تەرخا بكرێت، بەڵكو بۆ خوێی چێشتیش وتارێك لە سەر ئەو كارەساتە ویژدان هەژێنەدا نابینی. لە دەرەوەی كوردستاندا چەندین كۆنفرانسی گرنگ لە سەر پرسی ئەنفالەوە رێك خراوە، كەچی بەداخەوە لە زانكۆكانی كوردستاندا كە دونیاییەك بۆجەی بۆ خەرج دەكرێت، وەك ئەوە وایە كە پەلامارەكانی (ئەنفال) لە جەزیرەی واق واق رووی‌دابێت و ئەو هەموو گۆڕە بە كۆمەڵەش كە رۆژانە هی تازەتریان لێ دەدۆزرێتەوە هی كەس وكارەكانی ئەوان نەبن؟!.

ساڵی 2000 كاتێك خوێندكاربووم لە زانكۆی سلێمانی لە گەڵ هاورێ گەرمیانییەكانمدا كۆمەڵێك چالاكیمان لە 4/14دا رێك خست وئەو رۆژمان بە زۆری زۆرداری كرد بە ماتەمی لە زانكۆكەدا، لە ناو خوێندكارەكاندا زۆرێك هەبوون باوەڕیان بەوە نەبوو كە (ئەنفال) رووی دابێت و بە شتێكی پڕوپاگەندەیان دەزانی. هەندێك لە هاورێكانم هەڵچوون وپێیان وابوو كە ئەوە ئیهانەیە بۆ ئەوان..ئەو كات پێم وتن، براینە ئەمانە ناحەقیان نییە، خەتاكە لە راگەیاندن وپەروەردەی وڵاتەكەمانە كە بە درێژایی دە ساڵ نەیتوانیوە ئەم نەوە نوێیە بە كارەساتە ئاشنا بكات.

راستیەكەی ئەوەیە (ئەنفال) تەنیا بۆ كوڵی گەرمیانییە ئەنفال زەدەكان وپاشماوەكانیانەوە ماوەتەوە، نەك هەر ناوەندە ئەكادیمیەكانی كوردستان، بگرە راگەیاندنەكانیش كە شكۆر بۆ خوا رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەیان زیاد دەكات، بە پرسی خۆیانی نازانن. گەر تاكۆ ئێستاش قسەیەكیان لە بارەوە كردبێت، پێم وایە تەنیا بۆ هەڵرشتنی بڕێك فرمێسكە كە تەنیا لەچاوی خودی گەرمیانییەكانەوە دەڕژێت نەك خەڵكی تر.

لێرەوەیە من پێشنیار دەكەم بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاو سەرۆكایەتی زانكۆكانی كوردستان، گەر پێیان ناكرێت لە هەموو زانكۆكاندا (سەنتەری لێكۆڵینەوە دۆكۆمێنت كردنی پەلامارەكانی ئەنفال) دروست كەن، ئەوا پێكەوە لە یەكێك لە زانكۆكاندا بەو كارە هەستن. هەروەها پێشنیار دەكەم لە یادی كۆتایی هاتنی پەلامارەكانی ئەنفالدا كە دەكاتە(1988/9/6)كۆنفرانسێكی جیهانی وبە مستەوا بۆ ئەنفال ببەستن وناوەندە ئەكادیمیە عیراقی وعەرەبی وجیهانییەكان داوە بكرێت و لایەنە جیاجیاكانی ئەو كارەساتە شرۆڤە بكرێت. داواشم وایە لە راگەیاندنەكان دەست بەرداری ئەو شین وشەپۆڕبن وچیتر بەو زمانە پەیام وەرگرەكانیان رانەهێنن.

---

⋆ سەرنووسەری گۆڤاری (الانفال)